هادی عامری: سودانی داوای خولی دوەمی سەرکایەتی حکومەتی نەکردوە



هادی عامری ئەمینداری گشتیی ڕێکخراوی بەدر ئەمڕۆ سەشەممەڕایگەیاند، تا ئێستا محەمەد شیاع سودانی داوای نەکردوە بۆ خولی دوەمی سەرکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کاندید بکرێت و دەشڵێت، "ڕۆژ لەگەڵ بۆیاری ڕەوتی سەدر بۆ بایکۆتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان دەگرین".

هادی عامری لەدوای بەشداریکردنی لە دەنگدان لەگەڵ بەغدای پایتەخت لەگەڵ لێدوانێکدا ڕایگەیاند، "عێراق ئەمڕۆ بەگەنجامدانی هەڵبژاردن سەرکەوتنی بەدەستهێناوەو متمانەی زۆرمان بەکۆمسیۆن هەیەو، هیوامان ئەوەیەگەلی عێراق بەشێوەیەکی جدی و فراوان بەشداری هەڵبژاردنەکان بکات".

سەبارەت بەپێکهێنانی حکومەت، هادی عامری وتی، "هیوادارین بەزوترینکات حکومەتی نوێ پێکبهێنرێت"، لەبارەی بۆیاری ڕەوتی سەدر بۆ بایکۆتی پرۆسەی هەڵبژاردن باسی لەوەکرد، "ئێمەڕۆژ لەگەڵ بۆیاری ڕەوتی سەدری دەگرین بۆ بایکۆتکردنی هەڵبژاردن".

لەگەڵ لێدوانەکەیدا هادی عامری سەبارەت بەوەرگرتنەوەی پێستی سەرۆك وەزیران لەلایەن محەمەد شیاع سودانی ئاشکرایکرد، سودانی داوای خولی دوەمی نەکردوە و بابەتەکەش

پەیوەستە بە بەدەنگدەرەوە، عێراقییەکانیش ئەوانەن کە وەڵامی دەستوەردانی دەرەکی دەدەنەوە لە بیاری هەڵبژاردنەکانیان".